# بەرەو ڕووناکی

جگە لە سەروتار سەرجەم بابەتەکانی تر خاوەنەکانی لێی بەرپرسن.


سەرنووسەر

سالم محمەد

ژمارە ٩ | ٢٠٢٠/٧/١٦ | ڕۆژی پێنج شەمە


## بێ دەسەڵاتی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان بەرامبەر کەیسی ڕۆژنامەنوسان



## کێن ئەوانەی ئەڵێن بۆچی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەت ناکشێتەوە؟



# سەروتار

## کێن ئەوانەی ئەڵێن بۆچی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەت ناکشێتەوە؟

سالم محمەد

لە دوای هاتنی فایرۆسی کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت لە جیهان و گۆڕینی سەرۆک وەزیرانی عێراق کە عادل عبدولمەهدی بوو، بە کەسێکی نزیک لە سیاسیەکانی کورد هەژمار دەکرا، ڕاستەوخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دووچاری قەیرانێکی قوڵی دارایی بووە، کەبەر ئەنجامی شکستی نزیک بە سی ساڵی حکومڕانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەکانە، بەڵام لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بەو پەڕی بێ وێژدانیەوە خەڵکانێکی زۆر هێرش دەکەنە سەر بزووتنەوەی گۆڕان دوای کشانەوەی لێ دەکەن لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا کە هەموان دەزانن گۆڕان لە حکومەتیش بکێشتەوە هەر ئەم کابینەیە بەردەوام دەبێت، کە ئەم کەسانە چەند کۆمەڵەیەکن.

کۆمەڵەی یەکەم/ ئەمانە ئەو کەسانەن کە لە بارەگا حیزبیەکان بە تایبەت مەڵبەند و لق و کۆمیتە و ناوچەکانن و مووچە خۆری حیزبن لە کاتێکدا حیزب لە سەرتاسەری دونیا ئابوونە لە کادیرەکانی دەسەنێت، لە کوردستان کادری حیزب بارە بەسەر شانی زۆینەی میللەتەوە، لەوەش کارەسات تر حیزب ئامادە نیە مووچەی لە پارەی دزراوی سی ساڵی ڕابردوو بۆ سەرف بکات، یاخود لە پارەی ئەو سەدان کۆمپانیایەی کە هەیەتی بەڵکو هەمووی کردۆتە بار بەسەر میللەتەوە، ئەم کەسانە قسەی سەری زمان و بنی زمانیان ئەوەی گۆڕان بۆ ناکشێتەوە لە حکومەتی هەرێم لە ڕاستیدا شیوەنی ئەمان بۆ ئەوەیە کە گۆڕان دەست بەرێت بۆ بڕینی ئەم مووچە خۆرە حیزبیانە هەربۆیە بوونی گۆڕان لە حکومەت وەک مەترسی دەبینێت لەسەر گیرفانی خۆی.

کۆمەڵەی دووەم/ئەو کەسانەن کە مووچە خۆری بندیوارن کە زۆریان لە بەشی عەسکەرین و پاسەوانی باخ و ڤێلاکان یاخود پاسەوانی بەرپرسە حیزبیەکانن و کەمترین دەوام دەکەن و زۆرینەیان جگە لە مووچەیەکی باش لە دەرەوەش سەرقاڵی کاری سەربەخۆ، بەڵام لە ترسی لەدەستچوونی مووچەکەی دژی ئەوەیە گۆڕان لە حکومەت بێت و دەڵێت گۆڕان بۆ ناکشێتەوە بۆتە بەشێک لە حکومەت لە کاتێکدا ئەوە کەسانە ڕۆڵی گەورەیان هەیە لەگەندەڵی لەم وڵاتە.

کۆمەڵەی سێیەم/ ئەمانە ئەو کەسانەن کە زۆربەیان لە ناو فەرمانگە حکومەکاندا بە واستەی بەرپرسان کەمترین دەوامیان کردوە، بەڵام لە دوای وەرگرتنی بەشێک لەوەزارەتەکان وەزیرەکانی گۆڕان چاودێری وردی بەڕێوەبەرایەتیەکان دەکەن و ناچاریان کردون بە دەوامی رەسمی، هەربۆیە ئەو کەسانە دژی گۆرانن لە حکومەت و هەردەم لە کۆمێنتی فەیسبوک یان لە شوێنی کارەکانیان بەشداری کردنی گۆڕان وەک تانە دەدەنەوە بە ڕووی گۆڕانخوازاندا.

کۆمەڵەی چوارەم/ ئەوکەسانەن داوای کشانەوەی گۆڕان دەکەن لە حکومەت کە ئەندام و لایەنگری یەکێتی و پارتین وەک بڵێت ئەو حیزبانەی خۆیان لایەنگرین لە حکومەت نەبن و ئەم فەوزای سۆشیال میدیای سەرگۆرانە بە جۆرێک لە سیاسەت کردن دەزانن.

کۆمەڵەی پێنجەم/ ئەو کەسانەن کە بەشێکیان دەنگی نارازین لە بزووتنەوەکە و ئەدای بزووتنەکە کە چاوەڕوانی زیاتریان لە بزووتنەوەی گۆران هەیە لە کاتێکدا بزووتنەوەی گۆڕان تەنها ١٢ کورسی پەرلەمانی هەیە، کە ئەمەش نیشانەی زیندوویەتی ئەم بزووتنەوەیەکە کە هێشتا وەک جوڵێنەری سیاسی تەماشا دەکرێت لەسەر ساحەی سیاسی.



بێ دەسەڵاتی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان بەرامبەر کەیسی ڕۆژنامەنوسان

ڕەوەند عبدڵله حمه

سەندیکای ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان وەک هەموو سەندیکا کانیتر دابەش کراوە بەسەر هەردوو حزبی دە سەڵات ، ئەم سەندیکایە نەیتوانیوە بێلایەنی خۆی بسەلمێنێت و لەژێر سێبەری حزبدا دروست بووە ، ئەمەش کێشەی بۆ ڕۆژنامەنوسان دروست کردووە ، سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان دەبوایە بێلایەن بوایە ڕۆڵی گرنگی ببینیایە ، پشگیری تەواوی ڕۆژنامەنوسانی بکردایە و لە سەر کەیسەکانیان بهاتایەتە دەنگ و پشگیری تەواوی دەنگی ئازادی ڕۆژنامەنوسانی بکردایە ، ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان لەژێر سایەی ترس و تۆقاندن و تیرۆرکردندان.

تائێستاش چەندین ڕۆژنامەنوس تیرۆر کراون و تاوانبارانیش نەدراونەتە دادگا و بەسزای خۆیان نەگەیەنراون ، ئەم سەندیکایەش نەیتوانیوە هیچ لەسەر کەیسەکانیان بەردەوام بێت و بێدەنگی هەڵبژاردووە و نەیان توانیوە لەڕێگای دادگا کانەوە ، هیچ لە بکوژانی ڕۆژنامەنوسان بدەن بەدادگا ، ئەگەر باوەڕیان بەدادگاکانی هەرێم نییە ، فەرموو کەیسی تیرۆر کردنی ڕۆژنامەنوسان لەدادگای نێودەوڵەتی یەکلای بکەنەوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی لەلایەن حزبەوە دامەزراوە ، بێدەنگیان هەڵ بژاردووە ، ئەم هەڵوێستەشیان تەواو ڕۆژنامەنوسانی بێزارو بێئەمەل کردووە و ڕۆژنامەنوسانی سەربەخۆ هیچ کات باوەڕیان بەم سەندیکانییە ، وەک سەندیکاکانی تر تەماشا دەکرێن ، دەتوانین ناوی بنێین سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی زۆنی زەرد و سەوز ، ئەم سەندسکایە لەلایەن ڕۆژنامەنوسانی هەردوو حزبەوە بەڕێوە دەبرێت ، هیچ پەیوەندیەکیان بە دەنگی ئازاد و وەرگرتنەوەی مافی ڕۆژنامە نوسانی ئازادەوە نییە ، سەندیکایەکی مشەخۆرن لەسەر لاکی بۆ گەنی دەسەڵات دەژین .

بەداخەوە هەر ڕۆژەی لە ناوچەیەکی ئەو نیشتمانە ڕۆژنامەنوس تیرۆر دەکرێت دەگیرێت دەست درێژی دەکرێتە سەر کەچی ئەو سەندیکایە کە بە حیساب پارێزەری ڕۆژنامەنوسانە لەبەیان نامەیی ناڕەزایەتی و ترسنۆکانە زیاتر ناتوانن ڕووبەڕووی ئەو هەموو زوڵم و زوردارییەی سەرانی پارتی و یەکێتی ببنەوە کە بەرامبەر ڕۆژنامەنوسان دەیکەن ، هاوشێوەی سەرجەم سەندیکاکانی تر بوون بە کۆیلەی دەسەڵات هەمیشە ڕێگرن لەبەردەم دەنگی ئازادوو و سەربەخۆدا ، ڕۆژنامەنوس دەکوژرێت ، مافەکانی پێشێل دەکرێت توندوتیژی بەرمبەر دەکرێت لە ئیشوکارەکانیان ، کە چی ئەو سەندیکاحیزبیە بەس دەتوانن بەیاننامە دەرکەن ، هەر لەدوورەوە ئیدانەی ئەو توندوتیژیانە دەکەن کە بەرامبەر ڕۆژنامەنوسان دەکرێن ، هەر وەک چۆن لە ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە هەرێمی کوردستان بووە بە شوێنێکی زۆر ترسناک بۆ ڕۆژنامەنوسان ، بەتایبەت ڕۆژنامەنوسانی سەربەخۆ ، کە بەچەندین شێوە ڕووبەڕووی توندوتیژی و تیرۆر دەبنەوە .

درێژەی وتار لە لاپەرە ٤

## درێژەی وتاری لاپەرە ٣

ڕۆژنامەنوسانی بێلایەن بوونەتە قوربانی سیاسەتەکانی هەر دوو حزبی دەسەڵات. لە لایەکی ترەوە بەهۆی ململانیە سیاسیەکان و تێوەگلانی بەرپرسانی هەرێم لە گەندەڵی بارودۆخی ڕۆژنامەنوسانی سەربەخۆی زێتر ئاڵۆزتر کردووە و توندوتیژیەکان زیاتر بوونە بۆسەر ڕۆژنامەنوسان ، ئەگەر ڕۆژ نامەنوس بیەوێت لەسەر گەندەڵی بەرپرسێکی حزبی بنوسێت ئەوا بێدودڵی مەرگ چاوەڕێی دەکات ، ئەگەر بێتو ئەو ڕۆژنامەنوسە زوو فریای خۆی نەکەوێت و نەچێتە وڵاتێکی ئارام و پارێزراو ئەوا تیرۆر دەکرێت ، وەک لە تیرۆری سەردەشت عوسمان ، کاوە گەرمیانی ، سۆرانی مامە حەمە ، ویداد حسێن ، بینیمان چۆن لە لایەن بەرپرسانی هەردوو حزبی دەسەڵاتەوە شەهید کران و دادگا کانیش نەیان توانیوە بکوژانی ڕووبەڕووی سزایەکی توند بکەنەوە و بۆ ئەوەی هیچ بەرپرسێک بیر لە هەڵەی وا گەورە نەکاتەوە ، جارێکی تر بەڵام دادگاکانیش لەلایەن حزبەوە قۆرخ کراوەو کراوە بە حزبی.

کەواتە ڕۆژنامەنوس بەهەموو شێوەیەک ئازار دەدرێن دەکوژرێن پێشێلکاریان بەرام بەردەکرێت ، ئەی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان ئیشی چیە وا ئەم ناوەگەورەی لەخۆی ناوە ، بێ ئەوەی لە سەر مافی ڕۆژنامەنوسان بێتە دەنگ ، مافەکانیان بۆ وەرگرێتەوە و ئەی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان دەڵێن ئێمە بێلایەنیین ئەی کەیسی ئەو ڕۆژنامەنوسانە کە شەهید کران ، چی لێ بەسەر هات ، ئەگەر دەڵێن ئێمە سەربەخۆین ، خۆ بکوژانی ڕۆژنامەنوسان دیارن ئەگەر لەڕێگای دادگاکانی هەرێمی کوردستان جورئەتی یەکلاکردنەوەی ئەو کەیسانەیان نییە فەرموو لەڕێگای دادگای نێو دەوڵەتییەوە کەیسەکانیان یەکلای بکەنەوە و بوکوژانی ڕۆژنامەنوسان بدەن دادگا ، کەواتە سەندیکای ڕۆژنامەنوسان هیچ کات ناتوانن بڵێن ئێمە سەندیکایەکی سەربەخۆین و هێچ پەیوەندیەکمان بەهەردوو حزبی دەسەڵاتەوە نیە .



حەرام خـۆرەکان کێن؟

مەلای مزگەوت دەناسم 7 پاسەوانی هەیە ئایا هەر 7ی دەوام دەکات؟، باشە مەلای مزگەوت 7 پاسەوانی بۆ چییە؟.

کابرایەک دەناسم تا 2003 نوێنەری بەرزان تکریتی زڕ برای سەدام حسین بووە، بە قودرەتی قادر دوای 2003، هەڤاڵێکی کۆچکردوو کردی بە نوێنەری خۆی و تا چەند ساڵێک داوای مردنی کۆچکردوو ئەم هەر نوێنەری بوو، دواتر بە پلەی لیوا و بە پێشمەرگەی کۆن خانەنشین کرا!.

یەکێکی دیکە دەناسم لە ڕاویشدا تەقەی نەکردووە، کەچی بەپێشمەرگەی کۆن خانەنشین کراوە.


یان ژنی وا هەیە بێژەری کەناڵێک بووە، مەگەر لە سەیرانا شاخی بینیبێ، کەچی بە ژنی شاخ و بە پلەی ڕائید خانەنشین کراوە.
هەیە باوکی مستەشار و ئەنفالچی بووە ئێستا کوڕە شەهیدە.

کاکیشم مانگی 6 ملیۆن و 400 هەزار دیناری خانەنشینی پەرلەمانتاری بەمۆڵی دەخوات، کە ئێستا بەیاسای چاکسازی موچەکەی دەبێتە نیوە، حەتمەن دژە چاکسازی دەبێت.

ئێستا تۆی خوێنەر تێگەیشتی ئەم حەرامخۆرانە بۆ پەلاماری گۆڕان و پرۆژەی چاکسازی دەدەن؟،
ئێستا لەوە گەیشتی بۆ ئەم حەرامخۆرانە بوون بەکۆمێنتنووسی دژەگۆڕان کە هەمیشە دەڵێن بۆ ناکشێنەوە لەحکومەت.
خەمی ئەوان گۆڕان نییە خەمی ئەوان پارە حەرامەکەیانە.

**دڵشاد مەلا**





**ئاگاداری سەرجەم نووسەران ڕۆشنبیران و هەڵسوراوانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین دەتوانن بابەت و نووسینەکانیان بۆ ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بەرەو ڕووناکی بنێرن بە مەبەستی ئەوەی بۆیان بڵاوبکەینەوە.**

**نووسەرە بەڕێزەکان دەتوانن نووسینەکانیان بنێرن بۆ ئەم ئیمەیلە:**

bargrinamasalam@gmail.com